# مەرگ لەناو ڕۆحی نمایشدا

## شانۆگەری "بەتەنها....مردنە کەدرۆناکات"

**کامەران سوبحان**

kameransubhan@yahoo.com

**1**

**بۆماوەی سێ ڕۆژو ئێوارەی 7/7 لە هۆڵی سلێمانی گروپی ستۆدیۆی ئەکتەر شانۆگەری "بەتەنها ...مردنە درۆناکات "یان نمایشکرد.**

**ئەم گروپە گروپێکی شانۆیین و ماوەی ساڵێکە لەشاری سلێمانی دامەزراوەو سەرجەمی گروپەکە دەرچوی بەشی شانۆن و هەندێکیشیان لەقۆناغەکانی کۆتایی خوێندندان و ئەم نمایشەش نۆبەرەی بەرهەمی ئەو گروپەیە کاستی ئەم نمایشەش کە لە پێنج ئەکتەر پێکهاتبون کە ئەوانیش"سەرکۆعارف،دڵشاد نوری ،زەریا سامی،ڕۆژان محەمەد،جەبار حەسەن" وئامادەکردن و دەرهێنانی سەفین ئەنوەرشوکری، دیارە ئامادەکردنی شانۆییەکەش لە چەند تێکستێکی سمۆئیل بیکێت و هارۆڵد پنتەرو قەسیدەیەکی پۆشکینەوە ئامادەکرابوو ..**

**بەبێ ئەوەی دەرهێنەرئیماژە بدات بە ناوی هیچ کام لەدەقی ئەو نوسەرانە کە بۆئەم نمایشە سودی لێبینیون،بەتەنها ناوی ڕۆمانێکی خۆی نەبێت کەلەم نمایشەدا سودی لێبینیوەو ناوی هاتوە ،ئەم شانۆییە بەرهەمێکی هاوبەشی یەکێتی هونەرمەندان و ستۆدیۆی ئەکتەرە..**

2

**چیرۆکی شانۆگەرییەکە لەسەر بنەمای چەند دەقێکی ڕوبەر جیاواز بەرهەم هاتبوو ،کەئەوانیش دەقی شیعری ورۆمان و شانۆنامەیە ،دیارە ئەمە هەوڵێکە سەفین دەیدات بۆدۆزینەوەی ڕیتمێك کەئەوخۆی چەندین جارباسی لێوەکردوە،ئەو ڕیتمەش بەدەرنیە لە پێکهاتەی نمایشێکی شانۆیی ،بەڵام ئەوەی گرفت بۆسەفین دروست دەکات بونیادنانی پێکهاتەی دەقێکی تۆکمەیە لەو دەقانەی کە خۆی هەڵیبژاردون،گەرخوێنەرێك بێت ئەو دەقانە بخوێنێتەوە پێم وانیە بتوانێت هێڵە لەیەك چوەکان بدۆزێتەوە،بۆنمونە گەرپرسین ئایا وەزیفەی نوسین لای بیکێت و پۆشکین و هارۆڵد پنتەر وەك یەك وایە؟ بێ دودڵی دەڵێین نەخێر ،لەکاتێکدا ئێمە نازانین چ دەقێکی ئەم نوسەرانە هەڵبژێراوە بۆکارکردن ،ئەمەندە نەبێت دەزانین بەشێك لە ڕۆمانێکی دەرهێنەر خۆی بەشدارە لە پێکهاتەی نمایشدا ، من پێم وایە گەرسەفین کۆی بەرهەمی ئەو نوسەرانەی بخوێندایەتەوە یان هیچ نەبێت زۆرینەی بخوێندایەتەوە ئەوا دەیتوانی ئەو هێڵە وەهمیە هاوبەشانە بدۆزێتەوە کەمن باسیدەکەم ،وەك دەشزانین و دوبارەی دەکەمەوە دنیابینینی ئەم نوسەرانە بۆکاری نوسین زۆرلەیەکتر جودایە ،بێگومان وەك هەڵبژاردن دەرهێنەر لەبەردەم ئەم ئیشکالیەتەدابوە،بەڵام هەوڵی داوە گرفتی ئەو قەرەباڵغیە بە شتی ترپڕبکاتەوە ،بەتایبەتیش فەزای کارکردن و جوگرافیای نمایش کە دواتر دێینەسە رئەو کارکردنەش...**

**گەرئەم حاڵەتەش تەنها وەك هەڵبژاردنی بابەت ڕوبەڕوی سەفینی بکەینەوە ،بەڵام بۆدروسکردنی سەردی نمایش و چیرۆکە لێك ئاڵاوەکانی نمایش ناچاردەبێت ئێمە بەدوی ئەو کێشەکەوین کە کارەکتەرەکانی نێو**

شانۆییەکە خولقاندویانە ،کەئەویش لەئە نجامی پێکگەیشتنی سێ گەشتیار لە چێشتخانەیەك ڕوبەڕوی یەکتردەبنەوە ،دواتر کەسی چوارەم کە کچێکە دێتە ناو چیرۆکی نمایشەوە،ئیدی نمایش وەك ئەوەی سەرەتایەك بێت بۆدیالۆگ لەسەر جۆرو شێوازی مەرگ سەرەتا تاکۆتایی قسەکردنێکی هەمەلایەنە لەلایەن ئەکتەرەکانەوە لەسەر مەرگ دروست دەبێت..

گەردەرهێنەر هەوڵی خولقاندنی چیرۆکی لەم کورتە ڕوداوەوە بدایە ،ئەوابەدڵنیاییەوە دەیتوانی لەم کورتە چیرۆکەوە هەوڵی بونیادنانی چیرۆکی گشتی نمایشی بدایە،ئەم پێکگەیشتنە ڕێکەوتێکی جوانە بۆسێ موسافیر بیانەوێت لە چیرۆکی سەفەریان بدوێن،بەلاّم گرفتەکە لەم خولقاندنەدانیە گرفتەکە لەخولقاندن و دروسکردنی چیرۆکی گشتی نمایشە کە بەبڕوای من لەم نمایشەدا جگە لەسەرەتای نمایش لە هەمو نمایشدا چیرۆك شتێکی نادیاربوو بێ گومان نمایشێکی لەم چەشنەش بە بێ چیرۆك کارێکی پەرتەوازەی لێدەکەوێتەوە ...

سەبارەت بە هێڵی گشتی نمایش ئیشکردن بوو لە سەر دو چەمکی گرنگ کە بە لای سەفینەوە گرنگترین چەمکن بۆکاری هونەریی ئەوانیش"مەرگ و ژیان"ە بۆیە بەدرێژایی نمایش ئەکتەرەکان لە گفتو گۆیەکی بەردەوام دابون لە سەر ئەم دو چەمکە، هەندێ جار قەلەقی و دڵە ڕاوکێیەکانی دەرهێنەرمان لە نمایشەکەدا هەست پێدەکرد،چونکە وەك کارێکی دەستە جەمعی ئەم گروپە وقەلەقیەکانی سەفین بۆگەیشتنی ئەو شتانە بەبینەر زۆرهەوڵی ئەوەی دابوو ئەوەی دەیەوێت کت ومت ئەکتەرەکان ئەوە بگەیەنن،ئەمەش تاڕادەیەك لاسایکردنەوەی دروستکردبوو بۆکاری نواندن،لەزۆرێك لەدیمەنەکاندا سەفین خۆی هێڵی جوڵەو کردارەکانی دروستکردوە،بەجۆرێك گەریەکێك لە سەفینەوە نزیك بێت و ئاگای لە شێوازی نواندنی ئەو هەبێت دەیبینی چۆن زۆرحاڵەتی ئەم نمایشە سەفین و شێوازی ئەداکردنی ئەو لەسەرئەکتەرەکان بونی هەبوو،ئەمەش لەڕاستیدا پەیوەستە بەبون وئەزمونی هونەریی ئەکتەر ،چونکە ئەکتەری بەئەزمون هەمیشە هەوڵی تێکشکانی قاڵبکردن دەدات نەك دروسکردنی ،بەلاّم ئەکتەرەکانی ئەم نمایشە لەگەڵ جیاوازی توانای هونەرییاندا جۆرێك لە قاڵبدران لەقاڵبدرابون ،بەبۆچونی ئەمەش بۆکارو ئیشکردنی خۆیان دەگەڕێتەوە...



جوگرافیای نمایش و دروسکردنی شوێنێك بۆگەیاندنی ئەو چیرۆکەی کە دەرهێنەر هەوڵی دروسکردنی دابووتاڕادەیەك توانی بوی مەبەستی دەرهێنەربگەیەنێت،ئەمەش پەیوەستە بەیادەوەریی و توانستی ئەندێشەکردن لای دەرهێنەر بۆدروسکردنی شوێنێك بۆگێڕانەوەی ڕوداوی نمایش

،ئەمە بەبڕوای من ئیشکردنێکی جدیانەی سەفین بوو بۆ خولقاندنی ئەو پانتاییەی کە بەبڕوای خۆی گوزارشتێکی ڕەشبینانەی تێدا دەکات سەبارەت بەمەرگ،تا ئێرە وێناکردنێکی جوانی دەرهێنەر بوو بۆگوزارشتکردن لەو مردنە ،بەتایبەتی ڕێکخستنی کورسی و شێوازی ئەو فۆڕمە لەنا نخواردن و قسەعەفەویەکانیان لەسەرنا نخواردن،بێگومان ئەمە بەتەنها بەس نیە بۆگوزارشتکردنێکی عەدەمیانەوڕەشبینانە لە مەرگ ،کە تاهەنوکەش بە سەرجەم دیدە ئاسمانی و گەردونیەکانیشەوە جگە

لەکردارێکی میتا فیزیکی نەتوانراوە ئەو مانایە ببەخشرێت بە مردن کە ژێری مرۆڤ هەستی پێبکات و وەڵامی قەلەقیەکانی بداتەوە،ئەمە نەك قەلەقی مرۆڤی هاوچەرخ بەڵکو بەدرێژایی مێژوو پرسیاری هەمو مرۆڤایەتی بوە لەکرداری کۆتایی هاتنەی مرۆڤ ..

بۆیە مادام دەرهێنەر بابەتی مەرگی هەڵبژارد بۆئیشکردن دەبوایە زیاتر بەدوی فەلسەفەی گوزارشتکاری مەرگدا بگەڕایە،ناکرێت لە کردارێکی نوسین و ئامادەکردندا کەئەو پێی گەیشتوەو ئەم دەقەی نوسیوەو سەرلەنوێ دایڕشتوەتەوە کە سەرتا پای باسی مردن بکات،بەبێ گەڕانەوە بۆچەند بیریارێکی گەورە کە هەریەکەیان فەلسەفەیەکی قوڵیان سەبارەت بەمەرگ هەیە کەئەوانیش" کامۆ و نیتشە" یەچونکە ئەم دوکەسە لەدوقۆناغی جیاوازداو بەدودیدی جیاواز هەوڵی تەفسیرو گوزارشتی قوڵیان داوە لە تێگەیشتن لەمردن،تاڕادەیەکی زۆریش نزیکە لەو بابەتەی کەسەفین دەیەوێت کاری لەسەربکات ، پێم وابێت ئەم حاڵەتەش پەیوەندیەکی پتەوی بەتوانای ڕۆشنبیری دەرهێنەرەوەهەیە،چونکە من زۆرجار ئەو سەرنجەم بۆدروست بوە لەکاری زۆرێك لەدەرهێنەراندا پەنا بۆ شێوازێك دەبات لەکارکردن کە ڕوخسارو تاییە تمەندی ئەو شێوازە بەتەواوەتی لای خۆی ئاشکرانیەو پێناسی وردی بۆنەکراوە ،بێگومان لەم حاڵەتەدا دەرهێنەر توشی پەرتەوازەیی و جۆرێك لە ئاڵۆزی دەبێت،لێرە باسەکەمان دەچێتە سەر کێشەیەکی تر لەجۆری کارکردن ،کەئەویش هەڵبژاردن وشێوازی کارکردنی دەرهێنەرو شانۆکارانە بۆ کارێکی هونەریی،کە خۆی لەئامادەکردن و کورتکردنەوەو....هتد دەبینێتەوە ،ئەم حاڵەتانەش زۆرێك لەدەرهێنەران توشی پەرتەوازەیی و ئیشکالیەت دەبات،خۆئەگەر سەفین هەریەك لەو چەند دەقەی کەناوی هێناوە یەکدانەیانی هەڵبژاردایە بۆئیشکردن ،وەك ئەوەی نوسەرەکەنوسیویەتی من بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئیشێکی زۆرباش و زۆر قوڵتری دەکرد،چونکە ئەو کاتە ئەودەقە هەمو بنەمایەکی دەقی شانۆیی تێدا دەبوو ، نەك چەند دەقێك بەزۆر هێلْ و ئاڕاستەکانی لێکنزیك بکرێتەوە،زۆرئەزمونی تر کە من بۆخۆشم پارساڵ بەهەمان گرفتدا ڕۆیشتم کە لە هەڵبژاردنی دەقێکی کامۆدا توشی هەمان گرفت بووین لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی تردا، دەقێکی شانۆیی قوڵ وتۆکمەمان هێنا( کەسەفین خۆی ڕۆڵی سەرەکی لەو کارەداهەبوو ) بەئارەزوی خۆمان کەم وزیادمانکرد بێگومان ئەو کات کەدەقەکەچویە سەرتەختەی شانۆ بەدحاڵی بونی کامۆ نەبوو ،بەڵکو دەقێکی پەرتەوازەی گۆران و کامەران بوو ،هیوادارم لە گوزارشتکردنمدا لەو حاڵەتە ماناکەی وەك خۆی بگاتە خوێنەر ،هەرچەندە ئەمە دواشێوازی کارکردنی شانۆنیە ،بەلام شێوازێکە لەو شێوازانەی کە دەقی نمایش وەك ئەوەی کامۆ یان بیکێت یان هەرنوسەرێکی تر نوسیویەتی بگاتەبینەر..



شوێنێك بۆئەوبابەت وچیرۆکانەی کە دەرهینەر دروستی کردبون ،چێشتخانەیەك بوو ،ئەم شوێنە بەلای ئەو وێستگەیەك بوو لەو ویستگانەی کە کەسێکی کۆچەری مەرگی تێدا بیردەکەوێتەوە ،مادام مردن هەیە ،ئیدی هەموشتەکانی تر مانایان نیە ،خۆشەویستی...شۆڕش...هاوڕێیەتی.....ژیان ئەمە ترۆپکی گوزارشتی دەرهێنەربوو لەمردن ،ئەمە ئەو حاڵەتە ڕەشبینیەیە کەئەو پێی گەیشتوە ،دیارە هەمو کەس سەربەستە

لەشێوازی بیرکردنەوەی خۆی بەرامبەر بەمەرگ، بەڵام ئەوەی دەرهێنەرتوانیویەتی بەتەواوەتی و بەرەهایی باوەڕی پێبێنێت کۆتایهێنانە بە فەلسەفەی ژیاندۆستی ، من لەم حاڵەتەدا هەست بەوە دەکەم کەئەو توانیویەتی وریابێت لەکرداری گوزارشتکردنەکەی کە مەرگ هەمو شتەکا نمان بەتاڵ دەکاتەوە ،بۆئەمەش سەرتا پای نمایشەکەی تەنها یەك چیرۆك دەگێڕێتەوە کەئەویش چیرۆکی مەرگێکی درێژە ،بۆیە ئیقاعی سەرتا پای نمایشەکە ئیقاعێکی خاوی مەرگیانەبوو ،ئەو توانیبوی مەرگ بخاتە ناو هەمو شتەکانی نمایش لەناو ڕۆحی ئەکتەرەکان لە سیمایاندا لە کردارو هەڵوسوکەوتیاندا ،ئەم حاڵەتە دەیتوانی ئیشی باشتریشی تێدابکات و توانای ئیشکردنی سەفین بەتەنها لەم کارەدا نابینرێت سەفین وەك ئەکتەر بەو چەند ئەزمونەی کە لە پە یمانگەو دوای ئەویش ئەوەی بەئێمە وت کە ئەو دەتوانێت بەڕیتمێکی زۆر جیاوازتر یاری کارەکتەرەجۆراو جۆرەکان بکات لەسەرتەختەی شانۆ، بەهەمان شێوەش لەم ئیشەشدا سیمای سەفین دەبینراوەك ئەکتەرێکی دیار لەقۆناغێکی دیاری کراودا ،بەلاّم نەك وەك دەرهێنەر، چونکە دوەمیان پێویستی بەوردی وهۆشیاریەکی زۆرترهەیە سەبارەت بەدەق و بە ڕیتم و پەیوەندیە جۆراو جۆرەکانی نمایش، ڕەنگە ئەمەش ئەزمونێکی تروشێوازێکی تربێت بۆسەفین بۆئەوەی هەرهیچ نەبێت دوای تەواوبونی پرۆڤەو لەکاتی نمایشکردندا وەك بینەرێك سەیری ئەو ئەکتەرانە بکات کە بەدرێژایی زەمەنێکی زۆر ئەو ڕاهێنانی پێکردون بۆگەیاندنی شتێك یان بابەتێك کەخۆی ویستویەتی و مەبەستی بوە بیگەیەنێتە بینەر، مەبەستی گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایادەرهێنەر توانیویەتی بەو حاڵەتە ئەفسونیە بگات کەوەك ئەکتەرێك پێی گەیشتوە؟؟ئایا هەستی کردوە وەك ئەو قۆناغەی کە ئەکتەربوەو لە نمایشێك تەواوبوە لەناوەوەیدا بە کارەکتەرێکی نێو لا پەڕەکانی دەقێك گەیشتوە؟؟ئێستا سەفین دوای ئەم ئەزمونەی لەدەرهێنان و دوای بینینەوەی نمایش دەتوانێت جیاوازیەکی زۆربکات لەنێوان سەفینی ئەکتەرو سەفینی دەرهێنەردا، بێگومان دەیکات..

ئەو ئەکتەرانەش کە ماوەی زیاتر لە سێ مانگ لەم کارەدا بە بێ دابڕان کاریان دەکردو هەوڵی ئیشکردنیان لە ڕۆڵی کارەکتەرەکاندا دەدا پێم وابێت ئەزمونێکی گەورەبوو بۆئەوان بۆهاتنەدەرەوەیان بۆبەرچاوی بینەر ،چونکە گەر ماوەیەك لەوەوبەر بەتەنها خوێندکارانی پە یمانگە ئەوانیان ناسی بێت و ڕۆڵیان تەنها لەسەرتەختەی شانۆی پە یمانگە بینیبێت ،ئەمڕۆ پانتاییەکە زۆرگەورەتر بوەو بینەرێکی زۆرتر ئەوانی بینیوەو ئیتر دوای ئەم کارە دەبێت هەوڵی پەروەردەکردنی زیاتر بدەن بۆتوانای جەستەیی و دەنگی و هۆشیاری ڕۆشنبیریان ،چونکە ئەمە سەرەتاکانی دەرکەوتنیانە وەك ئەکتەرێکی ئەکادیمی خاوەن تواناو خاوەن ئیرادە...


PLYMOUTH
SIEMENS
Mobile